لێگەڵ پەتای کۆرۆنا ڤایرەس
رونـاکبیری پزیشکـی هاتـنـاو
ماڵکانمان-3-... ئازاد حەمە

بەشی سێهەم

- کۆرۆناڤایرەس ژیانمانی کردە بەشێك لەپزیشکی و تەندروستی: لێگەڵ بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناڤایرەس (COVID-19) رونـاکبیری پزیشکی هاتـناو ماڵکانمان. پەتاکە بووە هۆکاری وروژاندنی زیاد لەپێویستی ناوی پزیشك(Doctor) و خودی پسپۆریکەش، پزیشکی(Medicine)، تادێگاتە وشێگەلێکی تر وەك تەندروستی، دەرمان، ناساغی (Illness)، پەتا، نەخۆشی (Disease)، پاکوخاوێنی(Hygiene) و نەخۆشیناسی(Pathology) ((ئەو زانستێیە لەسروشت و هۆکاری نەخۆشیبوون دەکۆڵێتەوە))...هتد. ئەمە چەند باشە لایەنی خراپی هەیە. بەگومان باشە کە مرۆڤکان ئاگایی پزیشکییان هەبێت و ئەوەش بکارێت زانینی تەندروستی لای تاکەکان دروستبکات، بەڵام کاتێك پزیشکی قسە لەسەر تەندروستیمان لە ڕێگای قسە لە مەرگمان و جەستەی بیمارمان دەکاتە بابەتێکی ڕۆژانە و بەردەوام لەکەوتەی دەروونی خراپی دەبێت. لەڕوە پزیشکی ترسناکی دروستدەکات، دەبێتە شتێکی تۆقێنەر و مەرگی خەمانمان بیردەخاتەوە. هەر بۆیە پێویستە بپرسین: تاکوە پزیشکی مافی قسەکردنی لەسەرجەستە(مەرگ بە کۆرۆنا) هەیە؟ لێرە پێویستمان بەجیاکردنەوەی پزیشکییە لە ڤایرسناسی (Virology). پزیشك هەمان ئیشی ڤایرسناس ناکات. ڤایرسناسی دەچێتە خانەی مایکرۆبایۆلۆجی(microbiology) یەوە، کە کاری لەکۆینەوەیە لە زیندە بچووکەکان. ئەدی کە مافی قسەی لەسەر مەرگ هەیە؟ مەرگی جەستە، بە درەتك، بە ناساغیەك؟کۆرۆنا هەکاربوو پزیشکی بێتە ناو ماڵکانمانەوە.کە ئەم مافەی بە پزیشکیدا؟بەگومان ماهیەتی دیسیپلین(Discipline)ەکە، بەهۆکاری ئەوەی ئەمە دەشێت دووچاربووبێتین، پەوبووبێتین. بۆیە پزیشکی دێت و ئەو مافە بەخۆی دەبەخشێت قسە لە تەندروستیمان بکات تا جەستەی بیمار(ناساغ)لە جەستەی تەندروست جیابکاتەوە.لەبەرئەوەی پزیشکی"زانست و کرداری تیمارکردن و نەهێشتنی نەخۆشی و دەردەکانە" مافی قسەکردنی

لەسەر تەندروستیمان لە رێگای دەستنیشانکردنی ئەو پاتۆجێن(Pathogen)ەوە((نەخۆشخەر یان نەخۆشی دروستکەر))ەیە لە جەستەمان شوێنێك بە خێی دابین دەکات.بەمە پزیشکی بەهەی ئەوەو، نیشانە(Symptom)کانی ناساغی جەستەمان بە بیاردان لەسەر چارەنووسی جەستەمان، کە بە ئەمە تەندروستیمانە،دەدات.باشە پزیشك جگە لە پسپۆری لە زیندەورناسی(بایەلۆژی)و کارئەندامزانی(فسیەلۆژی) پێویستە چیتر بزانێت تا قسە لەسەر تەندروستیمان بکات؟ئەم پرسیارە بەو ئاقارە کاردەکات کە روناکبیری پزیشك بخرێتە ژێرپرسیارەوە.پزیشك جگە لە چەمکگەلکی وەك نەخۆش(نەخۆشی)، نیشانەکانی ناساغی، ئازار و دیاریکردنی جێگای ئێش و بیماری چیتر پێویستە بزانێت؟

بەواتایەکی تر، لەگەڵ کارەناڤایرەس، کە روناکبیری پزیشکی هاتەناو ماڵەکانمان، هەموو خەمان بە نەخۆش(Patient) زانی وزمانی پزیشکیش کەوتە گۆگردن. مانای تەندروستییش کە زمانە پزیشکییەکەی لەخەدا بەرجەستەکردوە لە میدیاکانا خێی نمایشکرد و زەنگیشی بە پراکتیزەکردنی خێی، پاش نەخۆشخانەکان، لە ماڵەکانمانا دەزیێەوە. میدیاکان لە ژێر فشاری کارەناڤایرەس ماڵەویان لەکردینە دەرمانخانە و نەخۆشخانەیەکی بچووك و رەژانە چەند جارەك وشەگەلکی وەك: پزیشك، تەندروستی، تووشبوو، نەخۆش، پزیشکی،پەتا، ناساغ، هەڵگری ڤایرەس، چاکەوەبوو، مردوو، جەستە، دەرمان، ڤاکسین، پاکوخاوێنی، دەرمانخانە، چارەسەر، پشکنین..وهتد بەرگوەمان کەوت. هەموو ئەو وشانەش پزیشکی و پزیشك و نەخۆشخانەیان بیر دەخستینەوە. تەنانەت هەندەك وشە(تەشەنەسەندن، هەڵاوسان، ئاسایش و..) بواری بەکاربردنیان زەرتر کەوتە ناو بواری پزیشکی و تەندروستییەوە تابواری مەژوو، ئابووری، ئەدەب، سیاسەت. کەوابەت کارەناڤایرەس ژیانمانی کردە بەشەك لەپزیشکی و تەندروستی.

- **کارەناڤایرەس پزیشکی کردە شای زانستەکان**

پزیشکی چییە؟ ئەو پرسیارە لە بیرکراوەیە (کارەناڤایرەس) هەنایە ناو گفتوگۆکانمان سەبارەت بە تەندروستی گشتی یان خەڵك(Public health). تەندروستی بووە بابەتی راگەیاندنەکان، پزیشك دەرکەوت، نەخۆشی بوو بە چەمکەڵك کە جێگای بە هەندەك چەمکی تر لەقکرد کە پێشتر راگەیاندنەکان

لەسەری مشەخەربوون وەك: تەرەر، گەندەڵی، جەندەر، داعش، یەکسانی و.. هتد. پزیشکی کە کەرەنا کردیە بابەتی بەردەوامی ماڵەکانمان واتای نەخشی لەگەڵ خۆی گشتیکرد. لەگەڵ واتای نەخشی چیتر بەرەکی گۆڕانکاری گرت؟ تووشبوون، چاکبوونەوە، مردن، بیماری، ساغی، شفا، پاکوخاوێنی و..هتد. کەواتە پزیشکی خۆی ساناکرد و لە دیسپلینەکی ئاڵۆزەوە بووە روناکبیریەکی سەرپێی رەژانە. پزیشکی وەك زانستی دەردناسی و کارکردن لەسەر بیماری و تەکاری جەستە بووە باسی گشت میدیاکان و لەوکاتەوت شتێکی تایبەت و لە شوێنێکی دیاریکراودا کاری خۆی بکات یان دەرکەوێت، بەنموونە نەخشخانە و هۆڵی تەکاری جەستە و ژووری نەشتەرگەریی.
بەواتایەکی تر، بەهۆی پەتای کەرەناوە زانستی دەردناسی(Pathology)((نەخشیناسی، ئەو زانستەی لە سروشت و هۆکاری نەخشیبوون دەکۆڵێتەوە))، کە کار لەسەر جەستەی ناساغ و دووچاربوو بە نەخشی دەکات بووە بوارێکی دەرکەوتوو لە میدیاکانی جیهان و ئیشیشی بووە قسەکردن لە تووشبوو و چاکبووەوە لە ڤایرەسی کەرەنا. مەبەست کەرەنا وایکرد دەرمانسازی و پەرستیاری ببن بە زەرترین چەمکی بەکاربردوو لە میدیا گۆباڵەکانا. کەس ئەستا قسە لە دان ناکات، لە قووڵگ، لە چاو... قسەکردن لە ڤێتەرنەری (Veterinary) بەتەواوی فەرامۆشکراوە. کەس هەست بە ئازاری ئاژەڵەکان ناکات. ئەوەی گرنگە مرۆڤ. لەوش گرنگتر مرۆڤی ساغ. هەموو خەمی ئەویانە ساغ بن، ساغ دەرکەون. پەتای کەرەنا وایکرد پزیشکی ئاژەڵ بکەوێتە پەراوێزی پزیشکی مرۆڤەوە. ئەستا کە باس لە ئازاری ئاژەڵەکان دەکات؟ خۆی دەبایە، بەکومان، مرۆڤ بێت، لە مرۆڤەکان کەوتونەتە وایخەیان. پەتای کەرەنا وایکردووە مرۆڤکان ئەستا تەنیا لە خەمی خۆیاندا بن. هاوکات، پەتازانی و نەخشیزانی بەهۆی کەرەناوە بوونە چەمکە شیرینەکان لەکاتێکا ترسناك و سامناکن. بەئەوەی پشگیریش لە نەخشبوونمان و ئازاربکەین بە ئەوەی پێی بزانین، و بشمانەوێت، بوونە بشەك لە زانستی پزیشکی.ئەستا ئەمە بەهۆی پەتای کەرەناوە ماڵەکانمان و شوێنی کارەکانمان بوونە بە نەخشخانەیەکی بچووك یان دەرمانخانەیەکی گوازراوە. زەرترین بوارێکی پزیشکی کە ئەستا لەژێرسایەی ترس لە کەرەنا بکاردەبرێت کارئەندامزانی و زانستی بەرگریە، ئەبێتە لەگەڵگای زیندەورناسیەوە کە شادەماری گفتووگۆ پزیشکیەکان پێکدێنێت.

پەتای کۆرۆنا وایکرد پزیشکی ببێتە زاڵترین بواری زانستی. هەموو حەزدەکەین پزیشك بووینایە یان ببین بە پزیشك. گومانی نیە وەت زانستە پزیشکییەکان لەووی مەژووییەوە لەخۆا گەشیان نەکردووە و مرۆڤایەتی، بە بوونەوەرەکانی تریشەوە، زۆری چەشتوە تا پزیشکی بەم ئاستەی ئەمڕۆ گەیشتووە، بەڵام پزیشکی کە تەندروستی لەخۆدەگرێت بەڵایەن نییە و شەوازی جوڵانەوەشی ئاراستەیەی خۆی هەیە و لە زانستە مرۆییەکان(سیاسەت، دەروونناسی، کۆمەڵناسی)دا بەاو نییە، لەپێش هەموشیانەوە لە فەلسەفە کە لەڕگای ڕەوشتەوە، ئێتیك، دێتە ناو پزیشکییەوە. ئەمەش بەهەکاری ئەوەی کە ڕەوشتی پزیشکی(Medical ethics) گەلەك میکانیزمی جووڵەی پزیشکی دیاری دەکات و مرۆیبوونی پزیشکی دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەوە. لەڕەوە ئاکاری پزیشکی چاودێری دەکرێت و کردەی پزیشك پێناسە دەکرێت و نەخۆشیش بابەتی هاوبەشی نێوان ڕەوشت و پزیشکی پێکدێنێت. تەنانەت دادوەری پزیشکیش لەگەڵ ڕەوشت ئیشی خۆیان لەسەر دیاردە تەندروستییەکان دەکەن. لەڕەدەشێت نموونە لەسەر تێزەکانی بیرمەندی ئوسترالی پێتەر سینگەر (Peter Singer) بهێنینەوە سەبارەت بە ((لەباربردن، کوشتنی ئاوەڵە(embryo)، مەرگی باش یان مردنی میهرەبانانە(Infanticide) ،(Euthanasia))) کە لە بواری فەلسەفەی بیۆئێتیکی ئوتیلیتاریستی(Utilitarian bioethics) گفتوگۆی زۆری لەسەرە و پزیشکیش لەسەر دەستی تێزەکانی ئەم فەیلەسوفە تەندروستی و کۆمەڵگە پێکەوە گرێدەدات و هەنگاویش بەرەو سنوردانان بە ئازارچەشتن دەنێت. پێتەرسینگەر، دوای دەرکەوتنی پەتای کۆرۆنا، کار لەسەر زەر تێزی تازەی خۆی دەکات کە پەیوەندییان بە بابەتی مردن (death) و ڕەوشتی مردنەوە (dying) هەیە. ئەو دەمەش تێزە فەلسەفییە ئێتیکییەکانی سینگەر سەبارەت بە مەرگ گفتوگۆی لەلایەك بایۆ-فسیۆلۆجی و لەلایەکی تر ئاینی و کۆمەڵایەتی-سیاسی لە خۆدەگرن لەگەڵ تێزی بیرمەندانی بیۆئێتیك (Bioethics) لەڕەو لەوە لە زانکەکانی ڕۆژئاوا ڕووبەووی یەکتردەبنەوە و هەوڵستی جیاوازیی ڕەوشتی دروست دەکەن.

- **کۆرۆنا ڤایرەس ڕەوشتی پزیشکی خستەبەر گفتوگۆ**

کۆرۆنا ڤایرەس ڕەوشتی پزیشکی بەرچاویترکرد. بواری پزیشکی، کە دەساتی تەندروستیش لەخۆدەگرێت، لەگەڵ سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا زۆرتر وابستەی بەها ڕەوشتییەکان بوو و

بەیارە پزیشکییەکانی پزیشکیش پتر لە جاران کەوتنە ژێر چاودێری تاکەکانی کۆمەڵگەوە. پزیشکی خزمەتێکی بەهێزی پێتای کەرەناوە دیار لە نادیار، بینراو لە نەبینراو زۆرتر لە جاران لەیەکدی جیادەکاتەوە و ئەوەش دەستنیشاندەکات کە کۆمەڵگە لە چاوەڕوانیدایە. بۆئەو مەبەستەش پزیشك دادوەرییە پزیشکییەکانی کەوتە ئاستەکی پزیشکی ئەوتۆوە کە لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیشی تیا بەهێند وەربگیررێت. بەهەمانشێوە، سەرهەڵدانی پێتای کەرەناقایرەس بەیاری پزیشکی(Medical Decision) کردە کارەکی ئاڵۆز. ئاڵۆزییەکە لە تایبەتییەتەکەی خودی پیشەی پزیشکییەکەوە سەرچاوەدەگرێت. بەیارەکەش سەرچاوەی کارئەندامزانی و زیندەوەرناسی هەیە کە لەگەڵ نەخۆشیناسیدا پێکەوە بە دەستنیشانکردن (Diagnosis)ی نەخۆشیەکە کاردەکەن. دەستنیشانکردن بە چارەسەرکردن (Treatment)ەوە. لەڕاشەوە پەلینەکی تر لەدایکدەبێت کە دەشێت ناونرێت کە ساغ؟ کە ناساغ؟ جیاکردنەوەی ناساغ لە ساغ گشت پرسەکە داگیردەکات. پێتای کەرەنا کە دەرکەوت بە ناساغکردنمان هات. پزیشکی وەك تاکە بوارەك توانی ڕووبەڕووی ئەم پێتایە ببێتەوە و پرسەی ناساغی بگەڕێتە ساغی.

کەرەناقایرەس گفتوگۆیەکیتری لەبواری دادوەری ڕەوشتی و بەیاری پزیشکی دا هێنایە کایەوە. چۆن؟ دیارە کە دادوەری ڕەوشتی و بەیاری پزیشکی لە پێوەندیدان لەگەڵ یەکترداء بەیارە پزیشکییەکان چەند لەگەڵ کردە ڕەوشتییەکان یەکدەگرنەوە و چەندیش پزیشکی (وەك بوارەکی زانست) گوێ لە ڕەوشت (وەك بوارەکی فەلسەفی) دەگرێت لەو شوێنە دەردەکەوێت کاتێك کە کێسەکی پزیشکی ڕووبەڕووی دادوەری ڕەوشتی دەبێتەوە، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی کە زەرجار پەکدادان لە نێوان بەیاری ڕەوشتی و دیلەمای ڕەوشتی(Ethical dilemma)دا ڕوودەدات. پەکدادانەکە لەسەر پەوانەی باش و خراپ نییە، کە دووچەمکی هەژای فەلسەفەی ڕەوشتن، بەڵکەد ئەوەی کارکردنە لەسەر بنەمای سەیرکردنی پزیشکیانە بە کردە پزیشکییەکە کە ئەوەش پاشخانی کارئەندامزانی و بایەلۆژی خۆی هەیە. کەوابێت باش و خراپ دەگەڕێن بە دروست و هەڵە کە ڕەنگە لەتەك بنەما کۆمەڵایەتیەکان، کە ژێرخانی ڕەوشتی و ئاینییان هەیە یەکبگرنەوە. ڕەك بابەتی ناشتنی مردووانی کەرەناقایرەس بەنهێنی یان دوور لەچاوی زەربە دەشێت ئەم لایەنە بگرێتەوە. ئەو ئارگومێنتانەی پزیشکی باوەی پێیەتی کە دەبێت بەو جۆرە

بنەڕەتی نەك بوونی هەندێ پەیوەندی بەهێزتر پزیشكیكاوی هەندێ پەیوەندی بە پەوانە ڕووشتی یان ئایینییەكانەوە نییە. زۆرجار دەستاتی پزیشكیش كە هێزی خۆی لەناو تەندروستیدا هەیە وەك بەشێك لە دەستاتی سیاسی سیر دەكرێت و، ئەم لایەنەش لەكاتی ناشتنی مردووانی پەتای كۆرۆنا لە ئیتالیا ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو. نەك هەر ئەوە بگرە گوزارەی ""لەگەڵ بمرێت"" كە لە مەدیاكانا گەكرا لەناو پزیشكانی ئیتالی كاردانەوەی هەبوو،""لەیگەڵ بمرێت"" خەریك بوو ببێتە پرینسیپ لەناو هەندێك لە دامەزراوە تەندروستییەكانی هەندێك لەو وڵاتانەی دژەقەتی روبەڕووبوونەی پەتاكە نەدەهاتن(لەوانە ئیتالیا).

بەپێیی ئەو بەڵگانەی باسكرا، كۆرۆنا ڤایرەس تەگەیشتنی بە واتای ئەتەنەمی(سەربەخۆیی) نەخشیش گەی. راستە ئەتەنەمی بەشێكە لەو ئاگایی ڕوناكبیریەی نەخش پەیستە سەبارەت بە دۆزی نەخشیەكەی هەیبەت، بەڵام لە حاڵەتی وەك كۆرۆنا دا بەیاری لەسەرووی ئەوەو(نەخشەكەو) بەسەر جەستە و تەندروستیدا دەدرێت. تەندروستی نەخش(لەو جۆرەی كۆرۆنا) تەندروستی هەموانە، چارەنووسی زۆرکیش بە چارەنووسی تەندروستی ئەوەو بەندە بەیە بەیاری پزیشكی لەڕ بریارەكی تاك ڕەهەند دەبێت ئەمش هەمووی دەچێتە خانەی ئاسایشی نەتەوەو.جەستە لە حاڵەتی وادا موڵكی تاك نییە و بەشێكە لە جەستەی كۆمەڵگە كە ئاسایشی وڵات لەی بڕپرسیارە. جەستەیەكی كۆرۆنادار، ئایدزدار. جەستەیەك كە هەڵگری كۆرۆنا ڤایرەس جەستەیەكی ترسناكە و دوورخستەوەی لە جەستەكانی تر بڕپرسیاریەكی تەندروستییە. تەندروستیش هەروەك وتمان بە لایەن نییە و بەشێكە لە سیاسەتی وڵات(شار) بەیە بەیاری تاك لایەنانەی پزیشك لەسەر چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ جەستە پەیوەندی بەم خاڵەوە هەیە تا شتێكی تر. بەم جۆرە جەستەی سەردەمی كۆرۆنا ڤایرەس جەستەیەكی گفتوگۆواویە. جەستەیەكی بە لایەن نییە. جەستەیەكی سیاسییە. مۆرگیشی هەر سیاسییە. لەڕەوە گفتوگۆی بەسیاسیكردنی مۆرگ و جەستە دەتەگەڵ. لەو وڵاتانەی كە پەتاكە شێكەتیانیكرد، مردووان یان تووشبووان یەكسانكران بە جەستەكان، ئەمەش چەند كەس لە فڕانسا یان ئەڵمانیا دووچاری پەتاكە بوون بوون باس لە جەستە. جەستە و شوێن بوونە باسی میدیاكان. جەستەی ئیتالی و جەستەی ئەمریكی و … هتد. جەستە چەند لاوازبێت و چۆن پەتاكە

پێدەوەرێت، جەستەی تر چەند بەهێز و کاری تێناکات. جەستە و بەرگری بوونەکەی بووە باس. چۆن جەستەمان بەهێزبکەین و باشی بخۆبکەین ئۆقرەش بووە بابەت. ژمارەکانی خواردنی و بەهێزکردنی جەستە. بۆیە دەستکرا بە پروپاگەندەی رەگەزپەرستی کە ئەورووپاییەکان بەرازخۆرن و چینییەکان پیسخۆرن و، ئەمەی رژێمەکانی خواردنی تازە دەخەین و ئەوان خواردنی بەستوو. بۆیە ئەوەی پسپۆران لە خواردننناسی و ژەمی خوارن بەنرخەت و هەڵگرەکان راستکەنەوە جەستە کرایە کێڵگەی کولتوور.

کۆرۆناڤایرەس ئاقارێکی تری بە تێگەیشتنی ڕووشتیانەی پزیشکی دا. دەبینن لەگەڵ ئەم پەتایە دکتۆر کەمەڵایەتیتر بووە و پزیشکیش پتر لە جاران بەهاکان لەبەرچاودەگرێت. سەرەتا، و ئێستاش، بەشێك لە تووشبووان و دواجار قووربانیانی دەستی کۆرۆنا ئەوانەبوون لە کۆرتی پزیشکی کاردەکەن. بەم جۆرە بەها بە جۆرێکی خەستتر لە جاران هاتە ناو کۆرتی تەندروستییەوە. دەشێت لەڕە بوترێت ترس لە پەتای کۆرۆنا هەکار بووە بە زۆرتر ڕووشتیبوونی کۆرتی تەندروستی لە ئاستێکی گەوباڵ؟ بگومان سەرەتای قووربانیەکانی شاری یەهانی چینی پەلەك پزیشك و پەرستیار بوون. جیهان لە قۆناغی پاشکۆرۆنا ڤایرەس(Post-Coronavirus) ڕەنگە وابکات کە بەشێك لە وڵاتان بیر زۆرتر، جیاوازتر، لە کارەندانی کۆرتی تەندروستی بکەنەوە تا قۆناغی پێش کۆرۆناڤایرەس(Pre-coronavirus). کەمترین شتێکیش کە جیهان پاشکۆرۆناڤایرەس Post-Coronavirus شیاوە بیکات بیرکردنەوەیە لە باشترکردنی مووچە و پەداویستییەکانی بواری کاری تەندروستی و ئاوەدانەوە لە ژیانی پرایفت و پشوویان. ئەمەو وتنەوەی بەهای ڕووشتی، ڕووشتی پزیشکی و دادوەری ڕووشتی پزیشکیش دەشێت لە ئاستێکی هاوچەرخ و باڵای ئەکادەمی تر ببن بە بەشێوانە لە کۆلێجەکانی پزیشکی، پەرستیاری، ڤێتەرنەری و بە ئەمەبەستەش پێویستە فەلسەفەی ڕووشت و فەلسەفەی پزیشکی کاریگەریی لەناو بەشەکانی زانستە پزیشکی و تەندروستییەکاندا دابنرێن.

- **خۆپەکسانکردنی کۆرۆناڤایرەس بەمەرگ**

پزیشکی بەهای کۆرۆناوە چالاکتر بوو. ئێستا پزیشکی زۆرتر بیردەکاتەوە. پزیشك پتر لە جاران چالاکەوانە.کۆرۆنا داوای کاری خەبەخش و چالاکەوانی لە پزیشك و پزیشکی دەکات. پزیشك

واتە سەربازی ون، بەڵام کەناڵەکانی بازرگانی تەندروستی و دەرمانسازی نەوەستاون و هەوڵی گەورە کەمپانیاکانی دەرمان کە زووتر ڤاکسینی ئانتی کۆرۆناڤایرەس دروستبکات کەبرکێی تووندی تێکەوتووە. لەم حاڵەتە ڤاکسین بووە دەرمان(چارەسەر)، ئەویش واتە رزگارکردن لە مەرگ، کەمکردنەوە ئازار و لەوسەریشەوە نەهێشتنی ترس، ترس لە مەرگ بە کۆرۆناڤایرەس. کۆرۆنا مەرگمان بیردەخاتەوە. کۆرۆنا بە لایەن نییە. مادامەکی هێندەری مەرگ و لە رێگای ئەوەوە مەرگ واتای خێی لە کەمەگە جارێکی تر بەدەستهێنایەوە. کەوابێت کۆرۆنا نێك هەر وەك هەڵەکی نادیار، دوژمنێکی نەناسراو، بگرە وەك هەڵەکی مەتافیزیکیش خێی نمایش دەکات. ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی کۆرۆناڤایرەس خێی بە مەرگ یەکسانکرد، بەو شتە ونەی لە گشت شوێنێك دەخولێتەوە و هەر نادیارە. کۆرۆناڤایرەس لە رێگای ناوی مەرگەوە مەرگی لە ونبوون خست. لە رێگای ئیعلانکردنی مەرگی کەسێکەوە رق لە مەرگ بوو بە رق لە کۆرۆناڤایرەس.

- **ئیدیای پاکوخاوێنی ئیدیای کۆرۆناڤایرەس نییە**

بە کەمکردنەوەی، تەنانەت نەهێشتنی ترس لە مەرگ و لاوازکردنی دەسەڵاتی مەرگاوی کۆرۆناڤایرەس پاکوخاوێنی(Hygiene) بووە سەرباسی راگەیاندنەکان. پێش کۆرۆناڤایرەس پاکوخاوێنی هەبووە بەس ترس لە مەرگ بە کۆرۆناڤایرەس هەکاربوو بە ئەوەی کە کۆرۆناڤایرەس پاکوخاوێنی بەخێی قەرخ بکات. پاکوحاوێنی بەهەی ئەم ڤایرەسەوە بووە بە بیزنز(Business)، دەرمانخانەکان بەشێکی زەر لە ئەرکی ئەم بیزنزیان لەئەستەگرت. ئیدیای پاکوخاوێنی ئیدیای کۆرۆناڤایرەس نییە، بەڵام کۆرۆناڤایرەس بە خەجیاکردنەوە و خەسنورداركردن پاکوخاوێنی کرد بە دیوارێك لەنێوان دووچاربووان و دووچارنەبووان. ئیدیای پاکوخاوێنی لەدەر زمانەوە هەوێداوە پیسی بخاتە دەرەوەی خێی. خاوێن دەمێکە لەگەڵ پیس، هەروەك چۆن باش لەگەڵ خراپ، لە رووبەڕووبونەوەدان. خاوێنی و پیسیش بابەتی شێوەی چین و کارەکتەریش دەنێتە گۆڕێ. واتە دوو مەند کە دەبێت بە هەمای خاوێنی و هەژاریش کە دەبێت بە هەمای پیسی کۆرۆنا ئەو ئیدیایەی لەبنەڕا هەڵوەشانەوە. ئەستا پیس و پاك، هەژار و دوو مەند، خێان پاکدەکەنەوە. هەنووکە پیس و پاك، هەژار و دوو مەند لەیەك دەترسن و خێان لەیەکتر بەدوورەگرن. سەرسامیەکە ئەوە نییە، بەڵکو ئەویە کە خاوێنی لەگەڵ پەتای کۆرۆناڤایرەس

بوو بە ئەرك و فەرمان و لەوکاوت کە کردەیکی خێ بێت. لەحاڵەتی پەتای ناوبراودا خاوەنبوون داوایە و ئاوەش وایکردوە ببێتە بڕپرسیاریەکی ڕوشتی فەرمی. لەڕوە ڕوشت فەرمی دەبێت، حاوەنی بەیاسادەکرێت و خەپارەزی ویستکی ئیداری-تەندروستی دەبێت. بەمجۆرە، ئەوەی کە خاوەنبیت ئەوە ترسە نەك خۆشی. خاوەنی دەمووختی بەاوبووناوەی پەتای کۆرونا ئازادی تیا نییە و دیسیپلینە. خاوەنی لەم شێوەیە ،خاوەنیکی زەدڕەیتیاکراوە، شتکە لە دڕەوەی ویستی خود، دەستتنیش کە خاوەنیکە دەپارەزێت بووە ڕێتینکی بەزارکەر.زەدڕەی لە دەست دەستشتن و لە خاوەنی بڕهەمی ترسە لە کۆرونا. دیاردە هیچگۆراکە، لەڕە، ئەوەیە کە بە نەمانی پەتای کۆرونا ڤایرەس، تا پاندەمیەکی تر، خاوەنی خێ دەشارێتەوە، یان هەروەك پێشتر خاوەنی دەبێتە بابەتی چین و توژە کەمەڵایەتیەکان و خێ بە ئاستی هاوچەرخی و هۆشیاری چینایەتی تاکەکانەوە هەڵدەواسێت. راستە زەرجار ئەو بنەما ڕوشتیانە دەکرێت بە سەرتا بە خاوەنی کە ریشەی مەتافیزیکییان(یان لاهوتیان)هەیە، کە ئەمش وادەکات کەسیکی ئیماندار، وەك کەسکی خاوەن، لە کەسکی بە ئیمان، وەك کەسکی ناخاوەن، جیابکرێتەوە. بەپێی ئەوەی کە خاوەنی خواستکی مرۆییە و پێوەندی بە ئاستی کولتووری تاکەوە هەیە ناشێت بەو جۆرە پێلینبکرێت. خاوەنی لە شارستانی و کولتوورکەوە بە ئەوی تر فەرمی جیاوازیی کەمەڵایەتی وەردەگرێت و مەدەرنش ڕێی راستەوخۆی لە پاك و خاوەنی دیوە. ئەمە لەبەر خودی خەمان خاوەن رادەگرین نەك ئەویتر. خاوەنی کردەیکی مرۆییە و پێوەندی بە ئاگایی مرۆڤەوە هەیە نەك شتکیتر. مرۆڤ تاکە بووندەرکە کە دەزانێت خاوەنی ئەرککی ڕوشتییە و دیوکی جوانکاریشی هەیە. ئاین قەرخی واتای خاوەنی دەکات بەمەبەستی مەتافیزیکی خێ، هەندك لە ئاینکانیش بەلوتبەرزی ئاینییەوە قسەدکەن وخاوەنی تەنها بە ئاییندکەی خیانەوە گرێ دەدەنەوە. خاوەنی کە دیاردەیکی ڕوشتی مرۆیی نا-مەتافیزیکییە پێوەندی بە پێوانە ڕەگەزپەرستی وشۆفێنییەکانەوە(دەوەمەند خاوەنترە، سپی خاوەنترە، موسەمان خاوەنترە،ئەوروپایی خاوەنترە، پیاو خاوەنترە) نییە. کۆرونا لە هەنووکەدا تێگەیشتنی بە خاوەنی و خاوەنبوون بەجۆرەك گۆی کە بەخێ قەرخکرد. پەوانەی خاوەنبوونی خستە ئاستکی تر. ئێستا هەموو خاوەنین بە بە جیاوازی. ئەمش ترسە لە مەرگ کە ترس لە کۆرونا ڤایرەس، واتە

ترسەکە لە دژە جەمسەری خاوەنی کە پیسییە. بەشەك لە ترسەکە سەرچاوەی یاسای هەبووە. بەیاسا خاوەنیمان هەبژارد. یاسا (غەرامە) خاوەنیکردین.

ماویەتی ....

ئازاد حەمە

ئەفسانە چییە؟ .. بابەز محەمەد جزا بەشی سێهەم

[ئاپرتەك دەربارەی چەتی ئەفسانەو خورافیات]

(چەند جەرەك لە ئەفسانە)
(نمونەی ئەفسانە)
ئەفسانەکان فرەچەشنن و چەندین جەریان هەیە ، هەریەکەیان دەربەینن لە واتا و مەبەستەکانی ئەفسانە ، بەپێی قۆناغ و مەبەستە جیاوازەکان ، ناوەرەك و بەکارهێنانیان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووەو گرنگترینیان بریتین لە :
یەکەم / ئەفسانەی دروستبوون " خەلیقەت " : .....

[بە درێژەی بەشی سێیەم کلیکی ئێرە بکەن .....]

[بەشی دووەم ....]

[بەشی یەکەم .....]

یەکە لە گەورە بیرمەند و مێژوو نووسەکانی هاوچەرخ بناسە... هێنە بەرزنجەیی

یەکە لە گەورە بیرمەند و مێژوو نووسەکانی هاوچەرخ بناسە.
یوڤال نوح هاراری Yuval Naoh HARARI

" پێی ناوە مێژوو بگوترێن، ئەگەر هیچمان لەدەست نەێت، با ئەستا و دوا ڕۆژ بەرەو چاکتر بگوترێن". مەسعوود محەمەد

ساڵە زیاترە بابەتەکم لە سەرچەمکی (ئازادی) و خوێندنەوە و لێوەدا بە یەکەمجار ناوی (یوڤال نوح هاراری) وەک بیرمەند و مێژوونووس و فەیلەسووفێکی ئیسرائیلی گەورەی هاوچەرخ بەرچاو کەوت.ئەو چەند بۆگەیەی بەچوونەکانی لەسەر سیستەمی لیبڕاڵی سەرنجی ڕاکێشام. هەڵەشەی قایرەسی کۆڕۆنا، کارەکی کرد، ئەم ماوەیەی خۆ دابڕان و خزانە نەو ماڵەوەم بە زەر لە خۆن و پڕۆژەی نیوناچە و لەبەرچاو گیراوەکانم تەرخان کرد. یەکە لەوانە ناوی هاراریم وەبیرکەوتەوە. لە ئینتەرنێت و یوتوبدا، کەوتمە سەراخی. 3 کتێبە دیارەکەی کراون بە ئەمانی و بەداخەوە من دەستم پێان ڕاناگات. بەڵام کەمێک چاوپێکەوتنی قیدیەیی و نووسین و کۆ و سەمیناریم خوێندەوە و گوێ لە گرت. زەر بابەتەکان بە زمانی ئینگلیزی بوون، من تەنها توانیم سوود لە ئەمانیەکانی وەرگرم و ٥-٦ کاتژمێر گوێی لە بگرم و دوو بابەتیشم لەسەر خوێندەوە.
ئەمەی بەردەستان پوختە و ناوەکی ئەو تێز و بۆچوونانەی ناوبراوە و بەندە بۆگە بە بۆگە بە تێگەیشتنی خۆم وەرم گرتووە و بەسەلیقەی خۆشم دامەشتەتەوە. وەک بەرکۆڵە بە ناسینی ئەم مێژووناسە گەورە، کە ئیمڕۆ باتەکانی بوونە جێی سەرنجی سەرکی دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا و سیاسەمەدار و نووسەر و ئابووریناسانی جیهان.. هاراری بەردەوام بە ڕێگاوە بە پایتەخت و ناوەندە زانستی و زانستگەدا دا، دەگەڕێ و بیروبۆچوونەکانی پێشکەش دەکات. گوێگرەکانی بەتامەزرەوە ڕیگای دوور بە نرخی زەر دەبەن، تا گوێیان لە تێزەکانی بێت.
بەداخەوە پەموایە لە دنیای ڕۆشنبیریی کوردیدا و میدیاکەیدا، باس و خواستێکی تەروتەسەلی لەسەر ئەم دەنگ و بۆچوونانەی هاراری بەرچاو ناکەوێ. هیچ کام لە کتێبەکانی نەکراونەتە کوردی.

لەکاتەکدا بازاڕی چاپەمەنی کوردی، پڕ بووە لە بابەتگەل و شتی جۆراوجۆری ئەوتۆ کە لە ڕەفەی ناو مزگەوت و خانەکانیشدا بە زەحمەت جێگایان دەبێتەوە. دیارە من ناەم ئەو بابەتانە نابە هەبن، بەکو گرنگەکم بەم کتێبە هەنووکەیی و گرنگ و وروژێنەرەکانی سەردەم لەپشترن. دیسان بەداخەوە چاپەمەنی کوردستان سەرتا زۆر بە حیزبی کراوە و بە خزمەتی مەرامە سیاسییەکان، خەسڵەت و سیفەتی ئایدەلۆژی و ئایینی پێوە نراوە. هەردوو ئاستەکەش بەشکییان بە وەرگەانی سەقەت و شێواو و لەزمانی دووەم و سێیەمەوە و حیزبەکانیش بە کەسانی ناشایستە و ناکارامە مانەپەیان کردووە.
Harari 3 لە کتێبە ناودارەکانی بریتین لە : (کورتەیەکی مێژووی مرۆڤایەتی وەک مێژووی کان. مێژووی ئایندە و 21 وانە بە سەدەی21).

یەکە لە بەچوون و تێزە هەرە سەرەکییەکانی ئەم بیرمەندە، ئەویە پێی وایە "مرۆڤایەتی لەسەر لەواری مردنە". واتە چارەنووسی بەرەو کەتایی دەچێ . ئەویش نەک بەو شێوەیی وەک خەی دەە: لە فیلمی هەیەددا هەیە، هێبەرتە دە و هەموو خەکەکە دەکوژێ و ئیدی دنیا تەواو". بەکو لە ئێستا لێبەردەم 3 هەشە و مەترسیی گەورەدایە.
1ـ شەی ئەتەم.
2 ـ کەشەی ژینگە.
3 ـ گەانەکانی تەکنەلۆژیا.
نووسەر پێی وایە قەبارەی ئەم هەشانە هەجگار گەورە و گەبالن، هەر بەیە نەتەوە و دەوڵەتەکان بەتەنیا و لەکالی ناتوانن بەەو ەووی بنەوە و پێویستە بە چەکی گەبال ەووبەووی بوەستنەوە. بەەام بەداخەوە ئەوەی لەسەر زەمینی واقیع وەک دڤاکتە دەیبینین ئەویە، هەنووکە سیاسەتی سەر شانەی جیهانی ، بەتایبەت لەنەو دیاترینیان یەکەتی ئەوروپادا، بەدیار ناکەوە. لەکاتەکدا ئەم یەکەتییە بە ئەوروپا و جیهان زۆر گرنگە لە ەووی ئاشتی و خەشگوزەرانی و پێشکەوتنەوە.
مێژووی سەدەی ابووردوو دادنە، بە مێژووی فاشیزم کە شەی نەوان نەتەوە و دەوڵەتەکانە، لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە سەرنگوم بووە. لەگەڵ مێژووی کەمنیزم، کە شەی چینەکانە. ئەویش لە کەتایی سەدەکەدا داما و مێژووی لیبەرالیزم کە ململانێی نەوان تاکە ئازادیخوازەکان و ستەمکارانە، تا ئێستا 70 ساڵ زیاترە لەسەر پێی خەی وەستاوە و هەناسە دەدات. هاراری ەخنە و بەچوونی لەسەر لیبەالیزم، هەیە و پێشی وایە هەشتا باشترین سیستەمە. دیسان ئەم سیستەمەش هەموو خەونەکانی نەهەناوەتە دی و جەی گشت خواستەکانی مرۆڤی تێدا نابەتەوە و ئێستا لە دەخەکی شدایە.

بەم پێیە ئاماژەکان وامان پێ دەڵێ،کە مرۆڤ نائومێد بووە بەیەکجاری دەبێتە دەستاوی یەکەمی ئەم پەشهاتانە. بە وتەیەکی تر تەکنەلۆژیا و قەیرانەمبازە گەورەکانی لە بواری پێشکەوتن و کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ لەلایەن سیستەمەکانەوە ـ هاراری پێی وایە لەسایەی ئەم پێشکەوتنەدا ستەمکاری و دیکتاتۆری زیاتر دەبێت و زۆر خراپتر لەوەی لەسەر دەستی هیتلەر و ستالین و مەسەلەنی و فرانکەدا ئەنجام دراـ .
بەنموونە ئاماژە بەوە دەدات لە چین، منداڵی قوتابخانەکان بازنەکی بایەمەتریییان لە مێچەک کراوە، گوایە بە هاوکاری فڕبووون و خوێندنە، لە لە ڕاستیدا بە کۆنترۆڵکردنی منداڵەکەیە. مامۆستا دەزانە: چی دەکات ؟ کەی دەخەوە؟ لەگەڵ کە سەرقاڵە و 24 کاژێر چی دەکات؟ وـهتد.هەروەها دەڵێ: ئەم میتۆدە لەسەر سیاسییەکانیش هەمان شتە.
هاراری پێی وایە ئێستا مرۆڤ هەرچی بکات، هەکەی ئەوەیە خۆی وەک جاران بە بەختەوەر و ئاسوودە نابینێ. جاران باوەڕ وابوو، مرۆڤ لەلایەن دەسەڵاتی خواوەندەوە بەڵێنی دەبرێت. خواوەند پەیمان دەدا چ باش و چ خراپ. پاشا و سەرکەکانیش لە سەبەری ئەم بەچوونەدا سانایەکی زۆر خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاند بوو. بە کورتی لەردا ئاقڵ و هۆش یەخسیری دەقەکانی تەورات و ئینجیل و قورئانە و دەرفەتی کاری سەربەخۆ و بیاردەر و داهێنەرانەی نییە. دواتر کە ڕینیسانس و هومانیزم سەریان هەڵدا، ئەو بەچوونە لاق و کز بوو. مرۆڤ تێگەیشت کەوا لە خودی مرۆڤەوە دەسەڵات وەردەگرێ و خۆی بیار دەدات چۆن هەڵسوکەوت بکات. لەسەدەی 21 و ئایندەدا، ئەمانە هەموویان دەگۆڕێن و داتایزم/Dataisim جێیان دەگرێتەوە. واتە تەکنەلۆژیا لە ڕێگای داتاکانەوە دەبێتە هێز و سەرچاوەی دەسەڵاتی بیاردە بەسەر مرۆڤ دا.
ئەم مێژوونووسە پێ بە پێی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی پێویست بە مرۆڤەوە هاتوو. ئەو هێند سەرقاڵی ڕابووردوو نییە، بە ئەندازەی ئەوەی کەوتۆتە لیکۆڵینەوە و وێنەی چارنووسی مرۆڤ لە 2050 و سەدەکانی ئایندەدا. هاراری لە کتێبی یەکەم دا چەردەیەکی لەم مێژووە بەسەر کردۆتەوە..دواتر لە کتێبی دووەم دا Homo Deus، باسکانی چارنووسی مرۆڤ لە ئایندەدا دەکات و ئەوجا بە کتێبی سێیەم ئەقڵی باسکەی تەواو دەکات لە نەوان سکوچکەی ڕابوورد و ئێستا و ئایندەدا. ئەو دەڵێ: ئەم مێژوو لە هێگای مرۆڤەوە دەناسین. داتا و تەکنەلۆژیا ناتوانێ مێژووەمان پێ بڵێ. هەروەها دەڵێ: ئەم نە لە ڕابوردووەدا ژیاوین و نە لە ئایندەشدا دەژین، بەڵکو تەنیای ئەم سەردەمەی خەمانین.
کاتێ نووسەر تێژگار و ساڵی 2050 وەک نموونە دەنێتە بەرچاو، کە

تێیدا ئامێری زیرەک و تەکنیکی بایەلۆژی، هێندێ هەر هەر یەکلاکەرەوە و چارەنووسساز و بەیاردەر دەگەڵن، دەڵێن: ئەوە شتێکی نەپساوی تەکنەلۆژیایە بەو هێژمان دەگەیەنێ.
لە ئێستا کە نەخشی پەتای کوشندە ـ ئەو کاتە کتێبەکانی نووسیوە، ڤایرەسی کۆرۆنا لە ئاراد نەبووە ـ برسێتی و قاتوقڕی گەورە و جەنگی جیهانی گەورە بەسەر چووە. مرۆڤ بە زەر ئاواتی خەی گەشتووە و بەردەوامە لە دەست ڕاگەیشتنی بە دەستکەوتی تردا، کەچی هێستی ئاسوودەیی و حەسانەوەی پێویستی نییە. هەرچەندە هاراری وتەنی، مرۆڤ هەزار هێندی مرۆڤی جاران بەهێزترە بە پێداویستییەکانی سەردەم، کەچی نەیتوانیوە کۆنترۆڵی تەواوی دەوروبەری خەی بکات. یاخود ووتر بێم مرۆڤ دەسەڵاتی بەسەر دەرەوەی خێدا ناشکێ. هەربۆیە گەرەکە ئینجا ئیستێک بکات و بگاتەوە بە خودی خەی وڤەکەس بخاتەوە سەر ناوەوی خەی و گەڕانکاری جەوهەری لە ناوەوەی خێدا ئەنجام بدات. خودی خەی لەڕدا مەبەست جەستە و مێشک/ ئەقڵ.
لە دیدگای نووسەرەوە، ئەم نابەختەوەریی و نائاسوودەییەی مرۆڤ و گەیشتی بێم چارەنووسی سەرەمەرگ، دەگاتەوە بە دوو بنەما:
1ـ دەستەتخوازی زیاتر. 2 ـ بەختەوەری زەرتر.
ئاڵەڕدا ڕەژنامەوانێک لێی دەپرسێ: جا خ ئەم کتومت لیبڕاڵیزمە، بە سیستەمە کاپیتالیزمەکەیەوە. ئەویش لەوەڵامدا دەڵێ: لە لیبڕاڵیزمدا بەهرەدارەکان توانای زیاتریان هەیە، لە خشگوزەرانتر بژین، ئەگەرچی لەم سیستەمەدا بایەخ بە تاک و خزانیش دەدرێ. حەزی دەسەڵات و بەختەوەری و خشگوزەرانی و بەدەستهێنان زیاتر، کاپیتالیزمە. ئیدی مرۆڤ چی لەم زیاتر دەوێت؟. هاراری دەڵێ: ئەم ڕاستە ، بەڵام گەر خێک لە کاپیتالیزم دا، ڕازی بن بەوەی پێی گەشتوون، واتە قنیات بکەن ، ئەوە مانای وایە کاپیتالیزم دەمرێ. بەڵێ ئەم خەسڵەتی مرۆڤە، نێک کاراکتەری کاپیتالیزم، کاپیتالیزم هاتووە کاری لەسەر ئەم زەمینەیە کردووە و بەردەوام دەکات.
هاراری پێی وایە کاتە شەشی پیشەسازی سەری هەڵدا، هەموو دەوڵەتان بەگەرمی پێشوازییان لێ نەکرد. تەنها بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا بە زووبی بەرەو ڕووی چوون و هاوشانی هەنگاویان هەڵهێنا. دەرئەنجام دەینینین ئەمانە پێشکەوتوون و ئەوانەی دواکەوتن، بەجۆمان و نەیانتوانی وەک پێویست خیان لەگەڵ گەڕانکارییەکان دا بگونجێن.
ئەم یاسایە بە ئێستاش هەمان شتێ، هەر وەاتە نەیەوە لەگەڵ ئەم شەشەی تەکنەلۆژیادا هەنگاو بنێ و خێ بگونجێنێ، دوا دەکەوێ. بەواتایەکی ئەو وەاتانە دەبنەوە کەڵەنی ـــ وەک جاری جارانی

ئەفریقا و ئاسیا ئەوانی ئابڕایەتی ئەم شێوە دەکەن. ئاخر ساڵی 2050 وەک ئێستا نابێت!. باشتر بڵێم لە 100 و 200 ساڵی تردا دانیشتوانی گەی زەوی، وەک ئێستا کە لە لایەن مرۆڤەوە داگیرکراوە، وا نامێنێتەوە. بەڵکە هەموو دەبنە نموونە بوونەوەرکی سایبەرگ لە شاری سایبەرگCyborg Cities .
نووسەر دێڤید: سەدەی داهاتوو، بە مرۆڤ ئوتومبێل و چەک و خۆراک هەندە گرنگ نابێت، بەڵکو جەستە و هۆش/ مێشک ئەمانە دەبنە جێی بایەخی سەرەکی مرۆڤ. ئەمەش کتومت دەکاتە ئەوەی بەهەزەکان و ئاقڵەکان چانسی ژیانیان زیاتر هەیە.
ڕۆژنامەنووسەک لێی دەپرسە: تۆ باسی ئایین دەخیتە دەرەوە، لە کاتێکدا داتاکانی ئێستا پێمان دەڵێ: ڕۆژبەڕۆژ خەڵک زیاتر ڕوودەکاتەوە ئایین و ڕۆژکەش تا ساڵی 2050 زۆر زیاتریش دەبێ.
ساڵی ٢٠١٠2010 % کریستیان، 31,4، موسڵمان 23,2 ، بێ ئایین16,4، بودایی7,1 ، ئەوانی تر 6,7، جولەکە0,2 .
ساڵی 2050 ڕێژەی کریستیان31,4، موسوڵمان29,7 ، بێ ئاین 13,2، بودایی5,2 ئەوانی تر5,5 ، جولەکە0,2

لە وەڵامدا دەڵێ ئایین گرنگە لە رابین و قۆشە و مەلاکان، هەموو شت دەبنەوە بە دەستەات و توانای خواونەد.ئەمانە نەک هیچیان دانەهێناوە، بگرە بەرامبەر زۆر داهێنانی نوێ بگومانن،وا هەست دەکەن هەستیان بریندار کراوە. ئاین جاران سەرچاوەیەکی توانای داهێنان بوو، ئێستا بۆتە پەرچەکرد،لەبەرامبەر گەانکاریەکاندا. ئەوەتا ژمارەی خەکوشتن، زیاترە لە ژمارەی کوژراوی جەنگەکان.
لە وانگەی Harariوە ئەو ئالوودەیی و هەگری و توانەوەی مرۆڤ لە ئامێرە تەکنەلۆژیەکان دا، وەک Smatphon مرۆقی سەدەی داهاتوو، دەبێتە نیوە مرۆڤ و نیوە کۆمپیوتەری ئۆتۆماتیکی. لەگەانەوەدا بە ناوەوەی خەمان، سەنزەری بایەمەتری دەبێتە بەشەک لە جەستەمان، بەشەکەی تری بەهەی سۆشیال میدیاوە دەبنە سمارتفۆن. لێم ڕێگایەوە شت وەردەگرین و دەدەینەوە. بە نموونە بەهەی ئاپەکەوەApp ەکی ناو سماتفۆنەکەتەوە، دەتوانە کاتە بە شەقامەکدا دەڕێیت و مەیلی سەکست هەیە، کەسەکت دی بە دەت بوو.دەتوانی بزانی داخە ئەویش خرۆشی سەکسی هەیە؟١. لێم کاتەدا کەسەکە پەستانی خوێنی زیاد دەکات و پەووی چاوەکانی گەورە دەبن. ئەو ئاپەی تەلەفونە زیرەکەکە ــ سمارتفۆنەکە ئێم کارە ئەنجام دەدات.دوای ئاڕگردنی داتاکان، کەنتاکت لەگەڵ ئەو کەسەدا ساز دەدات،ئاخر ئەویش هەمان سمارتفۆنی پێیە. ئەوکات ئەگەر ئەویش مەیلی لەسەر سەکس کردن بوو، ئەوە دیدار و بە یەکگەیشتن دەتە ئاراوە. کەواتە نە مێشک ،نە چاو، نە دەم ئێم

کارەی ئەنجام نەدا، بەڵکو داتاکان.
لە باس و نموونەیەکی تردا بۆ باندەی شەشی تەکنەلۆژیا لەسەر ئایندەی مرۆڤ، دەڵێت: کاتێ تۆ ئوتومبێل دەئاژووێت و لە چوار ڕیانەکدا دەتوانێ بەدەستی ڕاستدا، بڕیت، ناڤیگەیشن/ Navigation یاخود گی پی ئێس GPS، زەنگی هۆشیاریت بۆ لێدەدات و دەڵێ: لووە مەڵێ ، گیـــراوە!، ترافیـــک زۆرە. ئەمەش دەیســـەلمێنێتوە کە تەکنەلۆژیـــا تـــابەت دەبێتە جێـــی متمـــانە و ســـەرچاوەی زانیـــاری وەرگرتن،زیاتر لە هەست و زانینی خەمان. کەواتە مرۆڤی ئایندە لە پرسەی ژیان دا بۆ میتەدی خواڵێزمی ئەرگانی Algorismus پێویستی بە زانیاری تەکنەلۆژیایی و تەکنیکی زیاتر هەیە، Technical Know-how.
بە ڕوونکردنەوەی ئەم باسی بۆیاردان و هەڵسەنگاندن و خەماندنە ژمێریاریێ خوارەزمیێ دەڵێ: مەیموونکی پاقیان زۆر زیری برسیێو دەچێتە دارســـــــــتانکەوە بۆ دوای مەزدا دەگەڕێ. دار مەزە دەبینێتەوە، تەماشا دەکات شێری لە ژێردایە. مەیموونکە دەکەوێتە بەردەم سەرکەشیێکی تەکنێ لە ئازایەتی و ترسنەکی. بۆلام مەیموونی ناوبراو لە چرکەساتێکی کەمدا دەبێت بەهار بدات،ئایا بچی مەز لە دارەکە بکاتەوە؟ داخۆ مەزەکان گەیون؟ تۆ بۆی شێرە پێی بزانێ؟ ئایا بەم برسێتییێ توانای هەڵاتنی لەبەردەم کەبەی شێرەکەدا هەیە؟ چەند هەنگاوی تری ماوە بگاتە دارەکە و کەمێک هەناسەبردنی دیکە. مەیموونکە هەموو ئەم لێکدانەوانە بە هەستی خێی دەکات، نەک بە کاغەز و قەڵەم، یاخود هەژماردنی خوارەزمییەوە.
هەرچەندە هاراری بایەخ و حەزی زیاتر بە کەمەڵایەتی و سیاسەت و فەلسەفەیە و زۆر بە دنیای تەکنەلۆژیا و بایەلۆژییەوە سەرقاڵ نییە،لەگەڵ ئەوەشدا شرۆڤە و لێکدانەوەکانی لەسەر ئەو بنەمایانە دەکـات و دەڵێ: دەبە خەمـان بـاشتر بناسـین، هەروەک سـوکرات و فەیلەسووفەکانی تر داوامان لە دەکەن. ئیدی دەسەڵات لە خواوەند و هومانیزمەوە دەگاتە دەست داتایزمDataismus/
داتاکان دەبنە بزوێنەری و فەرمانمان پێ دەدەن. هەبەت ئاماژەش بەوە دەکات کە تەکنەلۆژیا خاڵی لاوازی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ڕۆح و هەستی نییە، دنـا هەمـوو کارەکـانی مـرۆڤ دەیکـات ئەو بـاشتر ئەنجامی دەدات.
خاڵێکی تری سەیرو سەمەرە ئەوەیە دەڵێ: مرۆڤکانی ئایندە دەتوانن زیـاتر بژیـن… دەوەڵەمەندکان مـاوەیەکی زۆر بە گەنجـی بمێننەوە. ئەمەش نرخ و تێچووی زۆر و گرانە.!. بەڵام ئەم دەخە دەبەتە هەی سەرهەڵدانی کەشەی کەمەڵـاتی گەورە، چـونکە هەژارەکـان نـاتوانن بەدەنگ و ڕزامەند بن. شایانی ئاماژە پێدانە دنیای تەکنەلۆژیای

زیرەکی دەستکرد و تەکنەلۆژیای بایەلۆژی، مرۆڤ دەخاتە بەردەم دنیایەکی کراوە و بە کۆتایی،بە هەزاران هەزار ئۆگەری کراوەوە. ئەنگە ئەکاتە کەمرۆڤ کۆنترۆڵ دەوروبەری لەدەست خۆی دەدات،ئیدی ئاماژە ترسناکەکان سەرهەڵ بدەن. ئەوە نییە هاراری دەڵێ: سەدەی بیست و یەکەم براوەی ئایندە لە ئەگایانەوە مەیسەر بێت: باشترکردنی جینا تەکان، ئەمەش شتێکی زەحمەت نییە. لە ڕووی تەکنیکەوە سایبەرگ خەمان باشتر تەیار بکەین و ببینە نیوە ئامێرێک و بەکارهێنەرانی زیرەکی دەستکردەوە.
دواجار دوو مەرجی سەرەکی باس دەکات، کەپەویست و کاریگەرن بۆ مرۆڤی ئایندە:
1ـ تێگەیشتن لە بایەلۆژیا. 2 ـ توانای بەکارهێنانی کەپیوتەر.
لە وەرامی پرسیارێکی لۆزیکیدا،ئایا دەخشی لەو ژیانەی سەدەی ئایندە،کە مرۆڤ پێی دەگات بژیت؟ دەڵێ: گرنگترین پرسیار مەسەلەی " پەرەش و خەمباری و ئازاچەشتنە". سەدەی21 بە هەی ئەو شتانەی باسمان کرد، یەک جەر ئایندەمان ناداتێ، بەکو ئاسەی جەراوجەرمان لەبەردەمدا دەکاتەوە…لەسەر خەمان وەستاوە، چۆن ەڵسوکەوت دەکەین. ئایا شەشی تەکنەلۆژی ئەم پەەش و ئازارچەشتنە گەورە دەکات، یاخود بچووکی دەکاتەوە؟ با نموونەیک لەسەر ئاژەڵ بهێنمەوە کە دەزانین گیانلەبەرانی وەک مانگا و مریسک و بەراز، چ ئازار و قوربانییەک دەچەژن. ئەمە دەزانین کایەی بازرگانی و شیرمەنی و گەشت ملیاردەها پارەی تەدەچێ. هەر یەک لەو ئاژەڵانە بە خەرجییەکی زۆر بە گەشتکەیان بەخێو دەکرێن. تەکنەلۆژی بایەلۆژی دەتوانێ ئەم پەەشە گەورە بکات و ئەو ئاژەڵانە بە خەراترین شێواز ئالیک بدات،تا گەشتی زۆرتر بە زووترین کات بگرن و قازانج زیاتر بەدەست بهێنن. چا ئەو ئاژەڵانە چ ئازار و ناەحەتییەک دەچەژن بە خاوەن کەمپانیاکان هیچ گرنگ نییە. بەەام دیسان لە ەەی تەکنەلۆژی بایەلۆژییەوە دەتوانرێ،خانەیەکی گەشت بەخێو بکرێ هەندەی گەشتی ستەکەک Stek و بخورێت. کەواتە پەویست ناکات بە خواردنی ستەکەک گایەک بەخێو بکرێ و سەر ببڕدرێ، بەکو لەم ەەگایەوە ئەنجام بدرێ. پێش چەند ساەێ پارچەیەک ستەکی دروستکراو بە 300,000$ دەلار بوو، ئەستا بە دەوری 11$. لە ئایندەدا دەکرێ خواردنی مەکدەناە هەرزانتر بفرۆشرێ.
بەەزان، ئەمە پوختە ئەو تێز و بۆچوونانەی هارارین، کە لە زۆربەی قیدیۆ و چاوپێکەوتنەکانیدا جەختی لەسەر کراوەتەوە. لەڕەدا ئاماژە بەو هەەشە و مەترسییانە دەبێ بکرێ، کە دەرکەوتنی چین وەک زلهێزێکی زۆبەلاحی ئابووری و تەکنەلۆژی نوێ ، سەرچاوەی بەشکی ئەو ترس و هەەشانەیە کە هاتوونەتە بەردەم مرۆڤ.

چونکە کۆمەڵگای تەندروست ئاوێە، لە رووی سیاسییەوە خاوەنی سیستەمێکی دیموکراسی بێت، بە هەموو هێهەندەکانییەوە. لە ڕووی ئابووریشەوە دەرفەتی بازاڕی ئازاد فەراهەم بکات و مرۆڤەکان لە سایەیدا خۆشگوزەران و بەختەوەر بن. دیارە ئاوەش ڕاستە کە مرۆڤ هەشتا لە تەکوشاندایە بە گەیشتن بە بەختەوەری کۆتایی. ئەمەش واتای وەستانی ژیانە...مرۆڤ دەستەوسان دەبە و لە داهێنان دەکەوە. بەیە مانەوەی زەمینەیەکی فراوان و بە ڕوومەت بە ململانێ و پێشبڕکێکان بە تەندروستی زیر پێویستە.
من پێم وایە لیبڕالیزم لەگەڵ ئاوەشدا هەنووکە ڕووبەڕووی ئاستەنگ و هێڕشی گەورە بۆتەوە، دیسان تا ئێستا سەربازی کۆموکۆیەکانیشی، ـ دەکرێ و پێویستە چاکتر بکرێن ـ باشترینە کە مرۆڤ پێی گەشتووە. هاراریێ ددان بەم ڕاستییەدا دەنێ و هێنری کیسنجەریش لە دوا وتارییدا بە بەنەی مەترسییەکانی قایڕسی کێهناوە، داوا دەکات لە ئەمەریکا بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە پارێزگاری لە لیبڕالیزم بکات.
ئەم تەزانەی هاراریش وەک گەلەک لەوانەی پێش خۆی، هەر لە چوارچێوەی هیپەتزەدا دەمێننەوە. بەڵام ئاوەش ڕاستە لە هەنووکەدا شەشی تەکنەلۆژیا بە هەموو تاوژم و هێزی خۆیەوە سەرکردایەتی مرۆڤ بەرەو جیهان و گەردونێکی زۆر سێیر و نادیار دەکات.
من دەڵێم گەر مرۆڤ وەک بوونەوەر لەم ژیانەدا دەستەوسان کرا، ئاوە هەموو چەمک و تێگەیشتن و شێوازەکانی ژیان سەرەوبن دەبنەوە و دەبێتە حەشر و قیامەتە گەورەکە.مرۆڤ تا ئێستا بە کردەوە باش و خراپەکانییەوە، باڵا دەستی و سەروەری بەسەر دەوروبەری خۆیدا هەبووە. دەکرێ بەردەوام کار بە چاکردنی هەڵە و کەموکۆیەکان بکەین،لە ناکرێ مرۆڤ بکرێتە کێلەی ئاغاگەلێکی تر. گەر بە وەستگەیە گەشتین هەرچی ترسناک و نادیارە مرۆڤ دەبێت خۆ بە ئامادە بکات.
کەواتە پێویست و گرنگە هەر هەنگاوێکی گەشکردن و بەرەوپێشچوون و پێشکەوتن،هەیە و دێتە پێشمان، گەرەکە هاوشانی وردی هەنگاوەکانی مرۆڤ بێت و بە سوودی بەرژەوەندییەکانی تەکەای مرۆڤایەتی کۆتایی بێت. نەک دەستەوتاقمێکی بەهرەمەند و دەوڵەمەند و جێستە بەهێز و چاوچنۆک و زاڵم هەموو دەسەڵات و مافێکیان هەبێت جیهان دادەشن. بە دوا وتەی مامەستا مەسعوود محەمەد " لاپەڕەی مێژوو و کەمایەتی بەوە دادەخرێتەوە،مرۆ لە بوونەکدا لابەری و تەنها غەریزە تیایدا فەرمانڕەوا بە". دەست لەم بابەتە هەڵدەگرم. ئاخر کورد وتەنی: ئەم هەوریرە ئاو زۆر دەخوا.
بە هیوای ئایندەیەکی تێژی لە ئازادی بە نەتەوەکان و بە

چۆساندنەوە و دادشین و خشی و ئارامی و داهنانی نوێ و ژیانێکی پڕ لە هومێت و دادپەروەرانە بۆ تاکی مرۆڤ.

هەولێر بەرزنجی ٤/٤/٢٠٢٠

خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی دڕیاس و لاشەکان … هێشیار جەمال

ڕۆمانی دڕیاس و لاشەکانی ڕۆمانووس" بەختیار عەلی" کە دوایین بەرهەمی نووسەرە، یەکێکە لە ڕۆمانە تایبەتەکانی ناو کتێبخانەی کوردی، کە کارکردنە لە
ناو مەژووی شڕشی کورد و ململانی حیزبە کوردیەکان. هەروەها بوون بە قوربانی مرۆڤی کورد
بەبێ ئەوەی هیچ گڕانکاریەکی جگای باس لە بارەدۆخی ژیانی هاوڵاتیان ڕووبدات.

نوسەر شوێنێک یان شارێک یان کاتێکی دیاری کراوی
ئاشکرا نەکردووە کە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە ڕوویانداوە تەدا، بەڵام هەرشارێکی هەرمی
کوردستان بە نموونە بهێنیتەوە گونجاوە بە ئەوەی وەک شوێنی ڕووداوەکان بیهێنیتە بەرچاوت.
لەم ڕۆمانەدا بەزمانێکی سادە کەی حوکومەانی شکستخواردوی حیزبی کوردی باس دەکات و چوونە ململانێی سەرکردەیەکی شڕشگڕە لە هەناوی یەکێک
لە دوو حیزبەکە دژی سیستەمی حکومەانی دوو حیزبەکە
بانگەشەی ئەوە دەکات بە خباتی مەدەنی شڕش هەڵبگیرسێنێت. بەڵام لەواقعدا ناتوانێت
بەمەدەنی شڕشێکی هەڵگیرسێنیت و دوبارە شار دەبێتە شوێنی ململانێی حیزبەکان و شەڕی
چەکداری.

نووسەر ئەوەندەی لەم ڕۆمانەدا کاری لەسەر ئەوە کردووە کە باس لەبیرکردنەوەی

تاکی ژەهراتی بگشتی و تاکی کورد بەتایبەت بکات کە چەن لە جیاتی ئەوەی خەیان وەک
مرۆڤکی خاوەن بیار و خەباتگەر و داکۆکی کار لە مافەکانیان ببین و شەی بە بکەن، بە
پچەوانەوە خەیان بچوک دەکەنەوە و بەردەوام سەرجەم چین و توژەکان هەژاران، کاسبکاران،
جوتیاران، ژنشنبیران هەمویان وەلی ئەون کە چەن کەسایەتیەکی سیاسی بهەنن و بیکەن بە
کارەزما و خەیان بچوک نیشانبدەن لەبەردەمیدا.

لەم ماندا تاکەکانی کورد زەربەی هەرە زەری یان بتەکی سیاسی دروستکردوە
و پەی وایە فریاد ەسیەتی، یان وەلی دروستکردنی بتەکی سیاسی تر بە ئەوەی لە دەخی ناهەموار
ەزگاری بکات. کەمەگا بەتە دووبەشەوە بەشکی خەی بە خزمەتکار و داکۆکی کاری گەستانی بەرپرسان دەزانەت و پەی وایە هەمای ژیانن و مردوەکانیان سەرچاوەی ژیانی ئەوان. بەشکی تریان
هەوەدەدن شەش هەبگیرسەن و لەسەرەتای دروستکردنی کارەزمای نوە و سەرەشقی نوەن. هەوەدەدن یەکەم شوەن کە لە کاتی شەرش دەست دەگرن
بەسەریدا گەرستانی شاربەت، چونکە لای کەمەکەی تر پیرەزە. بەام لە دواجاردا شەرشگەران خەشیان دەبنە پاسەوانی
گەی سیاسییە شەرشگەرەکەی خەیان.

لە ماندا کەسایەتیەکان هەندە خەیان بچوک دەکەنەوە کە لە ساتەوەختەکانی
شەش و دەرکردنی یەکەم بیاننامەی شەشکەیان لە جیاتی بیربکەنەوە لەخەیاڵی خەیاندا
تارمایی سەرکردەکیان بەرنامەیان بە دادەنەت، دواتریش لە کاتی شەی کەان بە کەان
لەگە هەزەکانی دژ یان تارمایی سەرکردە شەشگەرەکە بەشدارە لە شەکانیان، وە پاپشتیانە
بە سەرکەوتن.

تەوەرەکی تری ماندکە بابەتی لاشەی کوژراوانی جەنگی ناو شارەکە لە نەوان
شەشگەران و دوو حیزبی دەسەاتدار دەکوژرەت. بەام هیچ گرنگیان

پ نادرت، یاخود لدوای
مردنیان وەک مرۆڤێک بەرزەوە بەخاک بسپێردرت. ئەمش دەرخەری ئەوەیە ئەم هەزانە مرۆڤ
وەک کایەک دەبینن کە تا ئەو شوێنەی کاریان پێبوو بەکاری بهێنن و دواتر لاشەکەی هیچ
گرنگ نەبێت بەلایانەوە کە بە خاکی بسپێرن.

لەرەوە دەکرێت هەموو ئەو کەسانەی ئەم بۆچوونانەوە لە خۆیان بپرسن
وەی دوای دروستکردنی بتی سیاسین؟ یان دروستکردنی کارەزما؟ یاخود دەیانەوێت لەم هەڵمەی
کوردستانە شەبکەن لە پێناو ئەوەی وەک مرۆڤ بژین و مافەکانیان بە دەست بهێنین؟ یان
هەربردەوام دەبن لەوەی نەوە دوای نەوە بگەڕێن بەدوای دروستکردنی کارەزما و بتی سیاسین
بە ڕزگارکردنیان لە دەست نادادپەروەری؟ هەروا بردەوام دەبن لەسەر پیرۆزکردنی قسەکانیان
هاوشێوەی ئاین و خودا؟

فیتنەی سیاسی لە هەرێم دیاردەیەکی مەترسیدارە … هەسوڕ بەسکێنی

لەگەڵ هەر جووڵانەوە و سەرکەشی و خەباتێکی نەتەوەیی کورددا، دوژمنانی کورد و دەستەکانیان ژان دەیانگرێ و لەگەڵ هاتنەئارای هەر حکومەت و دەسەڵاتێکی کورد هەموو دوژمنەکانی کەوتونەتە، سەسە و ڕاوچکەی خراپەکاری و چینینی تەونی خیانەت تا بە ئامان و زامان ئەو دەسەڵاتەیان لەبار بردووە و ئاهی ئاسوودەییان بەدە و دەروون داهاتووە، نموونەی زەر و زیندوومان لە ڕابردووی دوور و نزیکیشدا هەیە، سەدان جار لە ئەوجی دەسەڵاتدا خلەریان کردەتەوە، نزیك ترین جوڵە و کرداری قزەونی دوژمنەکان لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری

گەلەمان لە باشووری کوردستان و دروست بوونی پەرمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، لەو ڕۆژەوەی دەسەڵاتی کوردی لەم وڵاتە خۆشەویستەدا کەوتە خزمەت و ئاوەدان کردنەوەی نیشتمانەکەی، تورکیا و ئێران و سوریا هەر بەسێ مانگ جارێك لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی و چڕ و پڕدا پیلانیان دادەڕشتا و دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکەشیان زۆر زاڵمانە و بێ شەرمانە بەئاشکرا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا زۆر ڕاشکاوانە دەیانوت: ئەم کۆبوونەوەیەمان تایبەت بوو بە چارەنووسی هەرێمی کوردستان، لەژێرەوەش دەکەوتنە چاندنی داوی غەدر و ناپاکی، تا ئاواتەکەیان بەدی هات و کورد گیرۆدەی شەڕێکی ناوخۆی بێزراو و قێزەون بوو، لەو ڕۆژەوە ئیتر لە ڕۆژگای دەسندە و چەکاوخۆرەکانیان مەرامەکەیان پێکهات و وازیان لە کۆبوونەوەکانیان هێنا، ئەو شەڕە بووە هۆی وێرانکاری و ماڵوێرانی و نەمانی متمانە لەنێوان هێزە سیاسیەکان و جەماوەری هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەش چەندان تۆڕی خراپەکاری و جاسوسی و خیانەتکارانیان لەناو خەڵکدا چاند، بێ لەبەریەك هەڵوەشاندنی کۆمەڵگای کوردی و نەمانی بڕوا و متمانە و بوونە ماکی فیتنە و ئاژاوە نانەوە لەنێو جەماوەری هەرێم و لایەنە سیاسیەکاندا، کە تۆوی ئاژاوەزی و ئاژاوەیان بڕەو پێدا و لە ڕۆژگای پیاوە دەست چنەکانیانەوە فیتنە و خراپەکاری ڕۆژ بەڕۆژ لە هەڵکشانێدایە، بەهۆی پشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کەناڵە جۆربەجۆرەکانەوە لە ڕۆژگای ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیشەوە ئەوەندەی تر بڕەوی پێ درا و بەڕەو دوا ڕۆژێکی ترسناك هەنگاو دەنێ.

فیتنەی سیاسی دیاردەیەکی ترسناکە، دەبێ ڕۆژگای لێ بگیرێ، نەك لەبەر ئۆوەی قسە لەسەر ووداوە سیاسیەکان دەکەن، یا وەك خۆیان لە گۆی خەڵکی دەچرپێنن نهێنی و خراپەکاریەکان بێ خزمەتی هاوڵاتیان ووداوە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەکەن، بەڵکو لەبەر ئۆوەی نیەتە خراپەکانیان لە هەستی خەڵکی کوردستان دەچەسپێنن و بەردەوام خرێکی وروژاندنی هەستی جەماوەری کوردستانن، لەلایەکی تر کەوتونە نانەوەی فیتنەی سیاسی و دنەدانی جەماوەری لایەنێك دژ بەلایەنێکی تر بڕەو پێ دەدەن. ئەو کارەکتەرە کۆنتڕۆڵ کراوانە لەناو کوردا کەم نین، کەلەهەر بڕیاریەکی سیاسی و ئیداری و ئابوور…هتد، ئامادەییان هەیە، عەلی جەوانمەردی وەك نموونە: ئەم پیاوە چەندین جار بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی هەستیاری کوردستان لەکاتی هەر ووداو و پشهاتێکدا فرسەت دۆزێ و ژەهرەکەی خۆی دەڕژێت، هەر وەك لەکاتی هەڕش و لەشکر کێشیکانی تورکیا بەسەر بنکە و بارەگاکانی پەکەکە، لە فەرمایشتەکانیدا تورکی وەکو هێزێکی

